کوردستان کارو ئاسایش بۆ فەڵەستینیەکان

ئامادەکردنی/ ساڤی عەبدوڵڵا

"جبریل رەجوب"ی نوێنەری (مەحمود عەباس)ی سەرۆکی فەڵەستین بەردەوامە لەگفتوگۆکان لەگەڵ بەرپرسە عێراقییەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ پاراستنی فەڵەتسینیە جێنشینەکانی عێراق کە بوونەتە ئامانجی هێزە چەکدارەکان، دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ گواستنەوەی ئەوانەیان کە دەخوازن بچنە هەرێمی کوردستان کە لەوتەی ساڵی ١٩٩١ دوە لەژێر دەسەڵاتی کورد دایە. لەو بارەشەوە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەپێشەوەشیان مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و کاك مەسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئامادەیی تەواوی خۆیان بۆ ئەو کارە دەربڕیوە.

دوابەدوای دیدارەکانی لەگەڵ سەرۆك تاڵەبانی و عادل عەبدولمەهدی جێگری وبەرهەم ساڵح، (جبریل رەجوب) سەردانی هەولێری پایتەختی کوردستان دەکات بۆ دیدار لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بۆ دۆزینەوەی ڕێوشوێنی گواستنەوەی فەڵەستینیەکان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆیان لەهەرێم دەکات، کە ماوەیەکە گەشەسەندنی ئابوورییو ئاوەدانکردنەوە بەخۆوە دەگرێت.

هەروەها باسکردنی خوێندنی فەڵەستینیەکان لە خوێندنگاکانی هەرێم و زانکۆکانی. شایەنی باسە گواستنەوەی فەڵەستینیەکان ئارەزوومەندانە دەبێ.

لەلایەن خۆیەوە (عاطف عدوان)ی وەزیری کاروباری ئاوارەکان گوتوویەتی گواستنەوەی فەڵەستینییەکانی عێراق بۆباکووری عێراق بریارێکی کۆنەو لەوەتەی شەڕی ئەمریکا بۆسەر عێراق هەبووە، بەڵام لەدووشەمەی رابردوو لەو بارەیەوە لەئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فەڵەستینەوە نامەیەك ئاراستەی سەرۆك (مەحمود عەباس) کراوە. هەرچەندە ئێمە دەمانەوێت لە ڕێگەی فشار خستنە سەر لایەنی نێودەوڵەتی ئەو فەڵەستینیانە بگێڕینەوە بۆ فەڵەستین.

دیداری رەجوب لەگەڵ زێباری دا

ڕۆژی ٩ / ٢ / ٢٠٠٧ (جبریل رەجوب) لەگەڵ (هۆشیار زێباری) وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبۆوە. رەجوب لەوبارەیەوە گوتی سەردانمان بۆعێراق پەیامێکی گرنگی هەیە کە بریتیە لەوەی فەڵەستینییەکان وسستەمی سیاسییان مامەڵە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەکەن. هەروەها رەجوب گوتی: پاراستن وئارامی فەڵەستینییەکان لەعێراق بەشێکە لەپاراستنی ئەم وڵاتە. لەلایەن خۆیەوە وەزیری دەرەوەی عێراق، وێڕای بەخێرهاتنی گوتی، ئەو مانەوەو کارکردنە لەگەڵ برایانی عەرەب و ئەوەش هەڵوێستی دروستی سەرکردایەتی فەڵەستینە بەتایبەتی سەرۆك (مەحمود عەباس). بەپێی بەیاننامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش، زێباری جەختی لەوە کردۆتەوە کە گرنگە ئالیەتێکی بەسوود ببینرێتەوە بۆمانەوەی فەڵەستینیەکان لە عێراق و، هەر بەپێی ئەو بەیاننامەیە عێراق داوا لەهیچ وڵاتێکی عەرەبی ناکات کە ئەو فەڵەستینیانە لەخۆ بگرن، چونکە هەست بە ئەرکی ئەخلاقی و نیشتمانی خۆمان دەکەین بەرامبەریان و، کێشەی فەڵەستینیش، کێشەی هەموو لایەکە.

تاڵەبانی رازییە بەگواستنەوەی فەڵەستینییەکان بۆ کوردستان

ڕۆژی ٨ /٢ / ٢٠٠٧ لەمیانەی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان سەرۆك تاڵەبانی و رەجوبدا، تاڵەبانی رەزامەندیی مەبدەئی پیشاندا بۆ گواستنەوەی فەڵەستینییەکان بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها ئامادەیی تەواوی پیشاندا بۆ پاراستنی ئەو پەنابەرانەو، پشتگیریی خۆشی دەربڕی بۆ گەلی فەڵەستین بەپێشکەشکردنی هاوکاری مادیی و سیاسیشەوە بۆ ڕێکخراوی رزگاریخوازی فەڵەستین و دەسەڵاتی نیشتمانی فەڵەستین. لەلایەن خۆشییەوە رەجوب رایگەیاند کە سەرکردایەتی عێراق ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ پاراستنی فەڵەستینیەکان و دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك. هەروەها گوتی لەوبارەیەوە لەگەڵ "نوری مالکی" سەرۆك وەزیرانی عێراقیش کۆدەبێتەوە.

دوای ئەوەی رەفدەکە چاوی کەوت بەتاڵەبانی و عادل عەبدولمەهدی و بەرهەم ساڵح. شایانی باسە لەوەتەی روخانی ڕژێم لە ساڵی (٢٠٠٣) وە ئەوە یەکەم شاندی فەڵەستینییە کە سەردانی عێراق دەکات کە وێڕای ناوبراو، هەریەك لە (حەمادە فەراعنە) ئەندامی پەرلەمانی فەڵەستین و، (دەلیل ئەلقەسوس) بەشداری شاندەکەن.

پێکانی فەڵەستینییەکان لەعێراق

سەردانەکەی (رەجوب) لەدوای ئەو مەترسیانە دێت کە لەسەر فەڵەستینییەکان هەیە لە عێراق. فەڵەستینییەکان زۆرجار بەوە تاوانبارن کە لەگەڵ ڕژێمی بەعسدابوون و، هاوکاری تیرۆرستان و بەعسییەکان دەکەن. ئێستا (٥٩) فەڵەستینی زیندانن لەلایەن عێراقی و ئەمریکاییەکانەوە. هەروەها تاوەکو ئێستا (٦٣٦) جار پەلامار دراون و (١٥١) کەسیان لێکوژراوە و، (١٥) کەسیشیان شوێن بزرە. شایانی باسە (٣٤) هەزار فەڵەستینی لە عێراقدا هەبوون، ئێستا کەمبوونەتەوە بۆ (٢٢) هەزار کەس، کە زۆرێکیان چوونە تە وڵاتانی دراوسێ.

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی رەجوبدا، فەڵەستینییەکانی عێراق داوایان کردووە کە ژیانیان لەهەڕەشەدایە و بگوازرێنەوە بۆ ناوچەیەکی ئارام بەشێوەیەکی شایستە.

بە پێی ڕاپۆرتی هەواڵگری ئەمریکا، ڕەوشی عێراق خراپتر دەبێت

ئا: عەبدولکەریم شوانی

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە نوێیەی هەواڵگریی ئەمریکا، کە تیایدا پێشبینی خراپتربوونی ڕەوشی عێراق دەکات، ئەگەر بێت و هەوڵی زیاتر نەدرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی، هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، پاشەکشێی خێرا لە عێراق توندوتیژی زیاتر دەکات، واتای "جەنگی نارخۆ" هەندێ لە ڕووداوەکانی ڕەوشی ئەمڕۆی عێراق دەگرێتەوە ئەگەر بێت و هەوڵێکی جددی نەدرێ لە ماوەی ١٢- ١٨ مانگدا، ئەوا بەرەو خراپتر دەچێت.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە چالاکیەکانی ئێران دەدات لە ئاست زیاتر کردنی ئاراستەی توندوتیژی، ئەگەر هۆکاری سەرەکیش نەبێ، لەلایەکی ترەوە سوپای ئەمریکا دانی نا بە کەوتنە خوارەوەی هێلیکۆپتەرێك کە لە باکوری بەغدای پایتەختی عێراق کەوتە خوارەوەو، ئەو دوو کەسەی تیادابوون کوژران، بەڵام هیچ وردەکارییەکی دەربارەی هۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی باس نەکرد، ئەمەش چوارەمین فڕۆکەیە لەماوەی دوو هەفتەدا بکەوێتە خوارەوە، کە ١٣ سەربازی ئەمریکی کوژران لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی جۆری (بلاك هۆك) نزیك بەغدا لە مانگی رابردوودا.

ئەوەی زانراوە لەوەتەی مانگی ئەیاری ٢٠٠٣ زیاتر لە ٥٠ فڕۆکەی ئەمریکا کەوتوونەتە خوارەوە، هەر لەم ماوەیەشدا هاتوچۆ لەناو شاری نەجەف قەدەغەکرا بەهۆی زیاتر بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتیژی لەناوچەکەدا بەپێی سەرچاوەکانی سەربازیی ئەمریکا ١٨ چەکداری تیرۆریست کوژران لە هێرشکردنیاندا بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکا لە شاری رومادی لەشاری (حیلە)ش ڕۆژی پێنج شەمەی رابردوو ٧٢ کەس کوژران و ١٦٧ کەسیش بریندار بوون لە دوو کردەوەی خۆکوژیی تیرۆریستاندا.

لەلایەکی تریشەوە ٢٦٣ کەس کوژران، لە شەڕو پێکدادانێکدا لەگەڵ هێزەکانی عێراق و ئەمریکادا نزیك شاری نەجەف، ئەمەو خێزانێکی بەریتانی بەرەگەز عێراقی لەگەڵ منداڵێکداو سەدان کەسی تر ڕفێندران.

لەم سەروبەندەدا مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بەپێی هەواڵێك کە لە ڕۆژنامەی زەمان بڵاو بۆتەوە، جەخت لەسەر پلانی سەپاندنی یاسا دەکاتەوە، کە پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەنە سیاسییەکانە بە مەبەستی فەراهەمکردنی ئاسایش بۆ هەموو گەلانی عێراقی و بەتایبەتی لە شاری بەغداد.

مالیکی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ وەفدی حزبی ئیسلامی عێراق، جەختی لەسەر پلانەکەی کردەوە کە دەبێ بە عەدالەتەوە جێبەجێ بکرێ بە سەر هەموو ئەوانەی سەرپێچی یاسا دەکەن، بەبێ چاوپۆشین لە ئینتیما بوونیان بەهەر لایەنێك و هەوڵدەدرێ بۆ ئەوەی دیاردەی چەکداری نەمێنێ، بێجگە لە دەوڵەت، لەو پێناوەدا کە دەزگاکانی دەوڵەت بتوانن بە باشی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك بگەیەننە شارو شارۆچکەکانی شاری بەغداد، لە بەیانێکی حکومیدا ئاماژە بەو ئامادەکاری و خۆسازدانە کرا کە لە پێناو جێبەجێکردنی پلانی ئاسایشداو جەخت لەسەر گرنگی جێبەجێکردنی کرا بە جۆرێ کە مافەکانی مرۆڤ پارێزراوبێ، هەروەها بەپێی هەواڵەکان سنووری عێراق داخراوە لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئێران و سوریادا پێش دەستپێکردنی پلانەکەی شاری بەغدا.

شاندێکی مەکتەبی سیاسی حزبمان بەشداری لەئاهەنگی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی زیندانیە سیاسیەکان کرد

بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هەردوو کۆمەڵەو ڕێکخراوی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان، شاندێکی حزبمان کە لە هاوڕێیان (صبحی مەهدی) ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەحمەد شێروانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پێکهاتبوون، بەشداریان کرد لەئاهەنگی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوەکە، کە لەهۆڵی ڕۆشنبیری هەولێری پایتەخت سازدرابوو، هەر بەم بۆنەشەوە مەکتەبی سیاسی حزبمان بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستە کردن. کە تیایدا پشتگیر حبی شیوعی کوردستان بۆ ئەم یەکگرتنەوەیە دەربڕی هیوا دەخوازێت کە کۆمکاری زیندانە سیاسییەکانی کورستان ببێتە میکانیزمێکی کارا بۆ خزمەتکردنی زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان.

هەر لە هەمان ڕۆژدا شاندێکی مەکتەبی کاری جەماوەری ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان بەڕێزان (محەمەد چۆمانی و پۆلا مستەفا) لەهۆڵی ڕۆشنبیری شاری هەولێر، بەشداریان لەمەراسیمی یەکگرتنەوەی هەردوو ڕێکخراوی زیندانە سیاسیەکانی کوردستان کردو بەو بۆنەیەوە بروسکەیەکی پیرۆزبایی و پەیامی پێخۆشحاڵی و هاوکاریان پێشکەش بەدەستەی بەڕێوەبەری مەراسیمەکە کرد.

یەکگرتنەوەی زیندانییە سیاسیەکانی کوردستان

مافناس / نەجەمەدین حەمە سەعید

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٧ / ٢ / ٢٠٠٧ لەئاهەنگێکی شایستەدا یەکگرتنی هەردوو ڕێکخراوی زیندانیە سیاسییەکانی کوردستان و کۆمەڵەی زیندانیە سیاسییەکانی کوردستان ڕاگەیەنرا کە لەئەنجامدا هەردوو ڕێکخراو خۆیان هەڵوەشاندنەوەو کۆ کاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستانیان پێکهێنا. بەپێی هەمان ڕێککەوتن پێناسەی نوێ بۆ زیندانیانی سیاسی کوردستان داڕێژراو مەرج و مافەکانی ئەندام و دروشمە سەرەکیەکانی ئەو کۆکراوە نوێیە دیاری کرا.

شایانی باسە لەئاهەنگی ناوبراودا جگە لە وتاری کۆکاری زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان کە لەلایەن ئەحمەدی مام ڕەسوڵ سەرۆکی دەستەی باڵای کۆکاری پێشکەش کرا، وتاری هەریەك لە بەڕێزان سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و پارێزگاری هەولێر لەلایەن نوێنەرە تایبەتەکانیانەوە خوێنرایەوە، کە بەتێکڕا جگە لە ستایش و دەست خۆشی لەزیندانیانی سیاسی کوردستان لەهەمان کاتدا هەر یەك لەسنووری دەسەڵاتی خۆی گفتی هاوکاری و هەماهەنگی و ئاوڕدانەوەی جددیان لەزیندانانی سیاسی کوردستان و کۆکارە نوێیەکەیاندا و هەروەها پەرەلمان و حکومەتیش کۆکاری زیندانیانی سیاسی هاندا بۆ پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای پێویست بۆ حکومەت و پەرلەمان بەمەبەستی هەوڵدان بۆ بەیاسایی ناساندنی کۆکارو هەروەها دامەزراندنی دەزگای زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان کە ڕاستەوخۆ حکومەتی هەرێم بەڕێوەی بەرێت و بەهۆیەوە قەرەبوی زیندانیان بکرێتەوەو مافەکانیان بۆ زامن بکرێت.

پرسەنامە

بەڕێز هاوڕێ دڵشاد حەساری
بەڕێزان بنەماڵەی ساڵح حەسەن حەساری

بە بۆنەی کۆچی دوایی بارکی بەڕێزتان (ساڵح حەسەن ساڵح) کە تێکۆشەرێکی دیارو بەرچاوی ناوچەی "حەسار"و کەرکوك بوو پرسەو سەرەخۆشی لە بەڕێزتان و بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەین بە لەدەستدانی ئەم کەسایەتییە ماندوونەناسە گەلەکەمان و حزبمان دڵسۆزێکی بە ئەمەکی گەلەکەمانی لەدەستدا، ئومێد دەکەین ئەمە دوا کارەساتی بنەماڵەکەتان بێت.

کۆمیتەی قەزای شەقلاوە

بەڕێزان خانەوادەی کۆچ کردوو

بەبۆنەی کۆچی دوایی "مەحمود مەلا سەعید" کە دەکاتە باوکی شەهید "زرار مەحمود" بەناوی کۆمیتەی قەزای شەقلاوە، هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵە بەڕێزەکەیان دەردەبڕین، "هاوڕێ مەحمود" کەسایەتییەکی ناسراوو تێکۆشەربوو لە دەڤەری شەقلاوەدا هیوادارین ئەوە دوا کۆستو ناخۆشی بنەماڵەکەیان بێت..

کۆمیتەی پارێزگای کەرك–حزبی شیوعی کوردستان

سوپاسنامە

بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆش بوو دایکی حازمو یوسفو کازمو جەبار سوپاسو پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم عەشیرەتی کاکەیی و هەموو ئەو کەسوڵایانانە دەکەین کە بەشداری پرسەی خوالێخۆش بوویان کردین، بەگشتی و وە بەتایبەتی هاوڕێیانی (حشك) لەئیدارەی مەکتەب سیاسییەوە ئەڕکو ماندووبونیان کێشا بەناوی بنەماڵەوە سوپاسی هەموو لایەك دەکەین.

سەرۆك هۆز/ حەسەن قەنبەر
گوندی زەنگەل ، ئاسکی کەلەك

هاوڕێ ڕێبوار ماڵئاوایی دەکات

پشتیوان بەکر



کورد یەکەم نەتەوەو دوا نەتەوە نەبووە ڕۆڵەکانی دووچاری کۆچو کۆچ ڕەوی هاتبن، نەوە لەدوای نەوە وڵاتەکەیان بەرەو نادیار جێهێشتبێت، هاوڕێ و برادەرەکەی ئێمەش هاوڕێ ڕێبوار هەورامی دووچاری چارەنووسێك بێت کە خۆی هەڵی نەبژاردبێت، بکەوێتە وڵاتێکی دوور و بەدرێژایی ژیانی زانیارییەك یا زووبانی ئەو وڵاتەی غەریبی بزانێت، بۆ لاوانی کورد وەك ئەوە وابوو، گەنجێك بەچوپێکی بچووکەوە لە دەریایێکی گەورەیی نادیاردا وێڵ بێت و تاکە سەوڵێکی شکاوی بەدستەوە بێت، ڕووبەڕووی تەوژمی شەپۆلە بەرزو شێتەکانی سەوڵ لێبدات بەبێ هودە بەئاواتی گەیشتن بەرۆخی ئاوێك ئاوەدانییەك قەبوڵی بکات و بیگرێتە خۆی. بەرلەوەی باسی شۆڕە سواری خۆمان بکەین، کە لەمەیدانی ئەو سەفەرە تووشو پڕمەینەتە دوای ئەوەی دەگاتە قەراغو ئاوایی دەگلێت و هەڵناستێتەوە. ئەویش وڵاتی سوێدە ئموونەیکی بەرچاوی مێژووی سوێد، وەك ئێمە دووچاری کۆچو کۆچڕەوی هاتوون و ڕۆڵەکانی بەکۆمەڵ سەریان هەڵ گرتووە بەرەو هەندەران ڕۆیشتوون وەك ڕەوەندی کورد ئاوارەبوون، چارەنووسێکی تراجیدی لەچارەنووسی هۆمێرۆس و ئەلیادە دەچێت.

سەد ساڵ لەمەوبەر لەئەنجامی سەرماو سۆڵی چەند زستانێکی درێژی یەك لەدوای یەکدا سوێد دووچاری برسیەتی و کەم دەرامەتی هات، بەرووبومی کشتوکاڵی کەمی هێنا برسیەتی و قڕان ڕووی لەسوێد کرد لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ١٨٩٠ یەك ملیۆن مرۆڤی سوێدی کۆی ٥ / ١ هەموو دانیشتوانی سوێدی پێك دەهێنا بریتی بوون، لەخێزانە کەم دەرامەتەکانی ئەو سەردەمە لەقوتابی و کرێکارو هونەرمەندو پیرو منداڵ و لاو بەسواری کەشتی بەسێ چوار مانگ بەرێگای دەریا دەگەیشتنە بەرازیل یا ئەمریکای خەونی وڵاتی کانگای زێڕ. لەنزیك شۆستی پاپۆرو کەشتیەکان لای پارێزگای ستۆکهۆڵم. پەیکەرێکیان بەو یادە دامەزراندووە کە بریتییە لەپەیکەری ژن و مێردێك و منداڵێك پرێسکەیێکیان لەکۆڵەو بۆ دواوە ئاوڕیان داوەتەوە وەك دوا ماڵئاوایی لەنیشتمان و زێدی باوك و باپیران، پێتەر سوێدی یەکێك بوو لەو گەنجانەی وڵاتی جێهێشت دوای چەند مانگێك خۆی لەشیکاگۆی ئەمریکا دۆزیەوە، پێتەری مۆسیاقەژەن و شاعیر هێشتا بەهاری ٣٠ یەمینی پڕنەکردبۆوە لەسوێد فێری مۆسیقاژەن و گۆرانی ببوو لەدێر (کەنیسە) لەتیپی کۆرالڕ کۆڕی کەنیسە ئسولو نەزمی ئاوازو گۆرانی خوێندبوو، هەرزوو لەشیکاگۆ پەیوەندی کرد بە دێری سوێدیەکان و بەهەمان شێوە بەشداری چالاکییەکانی ئاوازو گۆرانی دەکرد، ڕۆژێك لەیەکێك لەشەقامەکانی شیکاگۆ دزەکان دوکانێك دەبڕن و کابرای دوکاندار دەکوژن و دەبێتە تەقە، پێتەری شاعیر بەرێکەوت بەویدا تێپەڕ دەبێت و یەك دوو کەس و پێتەری بێ تاوان بەتاوانی کوشتن و دزی دەستگیر دەکرێن، لەدادگایی کردنێکی ماوە کورتدا، فەرمانی لەسێدارەدانی دەدرێتە سەرو لەسێدارە دەدرێت، پێتەر یادێکی دڵتەزێن و کۆمەڵە هۆنراوەیەکی جێ دەهێڵێت لەیەکێك لەهۆنراوەکانی خۆیدا دەڵێت:

ئەی کڵۆ بەفری غەریبی
ئەوەیان ڕۆحی منەو
کڵۆ.. کڵۆ غەم دەبارێنێ
نامۆیە زەوق و ئاوازم
جەستەی ماندووم ئەمڕۆ
لەمەیخانەی شیکاگۆدا
بەشەو بەسەر دەباو لە دوو دڵی دا
خۆی دەدوێنێ
هاوڕێ ڕێبوار هەورامی لەگەڵ خێزانەکەی هەورەمان جێ دەهێڵن و بەرەو شاری سلێمانی دێن. ماوەیێك دەچێتە بەر خوێندن و دوای قوتابخانە کاری دەستفرۆشی دەکات لەسەر شەقامەکانی سلێمانی، لەساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بەریزەکانی حزبی شیوعی عێراقی و دەبێتە پێشمەرگەو بیکەیسی هەڵدەگرێ، بەشداری چەند شەڕێکی قارەمانانە دەکات و دژ بەرژێمی فاشستی بەغدا. ساڵی ١٩٨٣ روو لەسوێد دەکات و دەبێتە ئاوارە.

کە ئەوسا ڕێبوار هەورامیم ناسی. لەکارگەیەك کاری دەکردو ئاشنایی لەگەڵ کیژێکی سوێدی پەیدا کردبوو، گەنجێکی ئەسمەری چوار شانە بوو، ڕووگەش بەژیان پێ دەکەنی و دەنگێکی خۆشی هەبوو، حەزی لەگۆرانی و بەدانانی ئاواز دەکرد، هەر جارێ کەمنی بینیبا دەهاتە بەرگوێم و گۆرانی بۆ دەگوتم لەسەر شێوەو نەزمی مەزهەری خالقی وتێکەڵاو بە نەبڕەی هەورامی دوا بەدوا دەیگووت: هۆنراوەکەشی هی خۆمە منیش دەم خۆشی و دەست خۆشیم لێ دەکرد، هەر لەڕێگای ئەو کیژە سوێدیەی ژیانیان پێکەوە دروست کردبوو عەشق و نامۆیی هەرەسی بە ڕێبوار هێناو فێرە ئەو مادانە بوو کە لای ئێمە قەدەغەن، بۆیە ماوەیێك لەژیان بێزار بوو خۆی هەڵدایە ژێر شەمەندەفەری مێترۆکانی ستۆکهۆڵم کەچی نەمردوو دوای شەش مانگ لەنەخۆشخانە، هاتە دەروو چاکیان کردەوە، لەدەروبەری ساڵانی ١٩٩٩، بەبێ هۆشی لەسەر یەکێك لەکورسیەکانی پارکی ناو شار شەوێکی زستان و سەرماو سۆڵ تابەیانی ڕەق هەڵگەڕاو گیانی سپاردو گۆڕ غەریب بوو .

هەزار سلاو لەگیانی پاکی هاوڕێی پێشمەرگەو دەنگ خۆش و بەئەمەك هاوڕێ ڕێبوار هەورامی.

پێشنیازێکی بەجێ بۆ ڕێزلێنان

جەلال دەباغ

لە ڕۆژنامەی بەڕێزی کوردستانی نوێ ژمارە (٤١٩٠) هەینی ٩/ ٢/ ٢٠٠٧ نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ناسراو مامۆستا مومتاز حەیدەری پێشنیازێکی بڵاوکردەوە بۆ زانکۆکان و کۆڕی زانیاری کوردستان و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و کۆمەڵەی مێژوونووسان و دەزگای ئاراس.. هتد.. بۆ ڕێزلێنان لە گەورە مێژوونووسی کورد مامۆستا د.کەمال مەزهەر ئەحمەد.

من لەم چەند دێڕەدا نامەوێ ناوەڕۆکی دروست و شایانی نووسەر لە بارەی مامۆستا کەمال و پێشنیازەکەیەوە دووبارە بکەمەوە، بەڵکو بە کورتی و چڕوپڕی دەڵێم پێشنیازێکی باش و پەسندەو پشتگیری لێدەکەم، جەختیش لەسەر ئەو پێشنیازە لە دوو لایەنەوە دەکەمەوە:

یەکەم: باشە ئەوانەی شایانی ڕێزلێنانن لە ژیانی خۆیاندا ڕێزیان بگیرێت و دەستخۆشی کارەکانیان لێ بکرێت و، چاوەڕوان نەبین، وەك لای ئێمە باوبووە، دوای دەرچوونیان لە ژیان بیرمان بکەونەوە.

باشترایە لە ژیانیانداو دوای ئەوەش هەر ڕێزو پێزانینیان بەشێوازی گونجاو ڕەنگبداتەوە.. تاد..

دووەم: مێژوونووسی پێشکەوتنخوازو زانا بەرهەمدار مامۆستا د.کەمال مەزهەر ئەحمەد شایانی هەموو ڕێزلێنانێکەو، شایانی هێنانەدی ئەو پێشنیازەی مامۆستا مومتازو زۆری تریشەو لاپەڕەی ژیانی ڕوونـاك و گەشەدارو بەرهەمدارەو دڵسۆزی ڕاستەقینەی ئەم گەلی کوردستانەیەو، نیو سەدە پترە دەیناسم و دواتریش بەرهەمەکانی دەخوێنمەوەو، بە شایانی دەزانم بۆیە وا بەم چەند دێرە پشتگیری لەو پێشنیازە دەکەمو هەڵسەنگاندنی مامۆستا کەمال و بەرهەمەکانی وا بە چاکی و بەرپرسییەوە لەهەر وشەیەکی خۆم دەخەمە پێش چاوی خوێنەرانی بەڕێزو، ستایشیش بۆ (کوردستانی نوێ) کە ئەو پێشنیازەی لەگەڵ وێنەیەکی د.کەمال دا بڵاوکردەوە.